دەوری ئامرازی (بۆ) لەڕووی
واتاوە لەڕستەدا

پێش ئەوەی بێینە سەر ڕوونکردنەوەی، دەوری جیاجیای ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لەڕووی واتاوە، پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین، کە بابەتی ئامراز، یا هەر کەرەسەیەکی زمان، پەیوەندی بە ئامرازەوە بێت، یا باشتر بڵێین، سەر بەجۆرەکانی ئامرازبێت، ئەرکی جیاواز، لە شوێنی جیاجیادا دەبینن، واتە وەکو تایبەتییەک بابەتی ئامراز، فرە ئەرکە، چونکە هەر ئامرازێکی بگرێت چەند ئەرکێک دەبینێت(١). جێگای خۆیەتی، ئەوەش ڕوونبکەینەوە، کەرەسەکانی زمان زۆربەیان، لە ڕستەسازیدا، دوو ئەرک دەبینن، کە ئەمە ئامرازیش دەگرێتەوە.

١- ئەرکی بەشە بنجێکانی ناو ڕستە، لەمەدا ئامراز لەگەڵ کەرەسەکانی تردا، دەتوانێت ئەم دەورانە ببینێت کاتێک کە گرێ (Phraze)دروست دەکەن.

٢- ئەرکی واتای جیاجیا، لە ڕستەدا، بەپێی گۆڕانی شوێنیان، دەبینن کە ئەمەیان لە ئەرکی جۆری یەکەم جیاوازە، چونکە سەر بەئاست و بابەتی سیمانتیکییە، (Semantic) چونکە لایەن و ئاستی ڕستە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بەواتا سازییەوە هەیە، چونکە واتا سازی، بەهۆی ڕستە سازییەوە

ڕوون دەکرێتەوە، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێزو ڕاستەوخۆ، لە نێوان ئەو دوو زانستە زمانەوانییەدا هەیە، واتە واتاسازی و ڕستەسازی، ئەمجا لێرەشدا، بەپێی بۆچوون و ڕێزمانی گوێزانەوە (Transformationalrule) کاتێک کەرەسەکانی ڕستە، بەپێی یاسای دەرهاویشتن (الحذف) و خستنە سەر (الاضافه) و جێگۆڕکێ، (احریک عنصر مکان عنصر لغوی اخر)و گۆڕین(٢)، دەتوانرێ پەیوەندی بنج بکاتە پەیوەندی سیما، ڕستەکان دوو ڕوویان دەبێ، واتە هەندێک ڕستە لەڕووی واتاوە زیاتر لەواتایەک دەگەیەنێت، چونکە ڕستە لەڕووی واتاوە دوو بنجی هەیە(٣)، ئەم بنجانەش (بناغە) هەریەکەیان سیمای (Surface Structure) خۆی هەیە، یا یەک سیماو دوو بنجی هەیە، بۆیە ڕستە لە دوو ڕووەوە لێی دەکۆڵینەوە، لەڕووی بنج (Deep Structure) و سیماوە(Surface Structure)، ڕستە هەیە، یەک بنج دوو سیمای هەیە، یا هەیە یەک سیماو دوو بنجی هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت(٤). ئەمجا ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، سەربە واتاسازییە، لەو شوێنانەدا ئەرکی ئامرازی (بۆ)، بەپێی شوێنی لەناو ڕستەکاندا، لەڕووی واتاکەیەوە دەخەینەڕوو، لە کوێش بینیمان ڕستەکان، لەڕووی ڕێزمانی گوێزانەوەوە، زیاتر لە واتایەک دەبەخشن، بنج و سیمایان دەخەینەڕوو.

وا لە خوارەوە، دەوری واتای ئامرازی پەیوەندی (بۆ) دەخەینەڕوو، کە پەیوەندی بە ئەرک و دەوری ناو ڕستەوە نییە.

دوا شت پێویستە ئەوەش بزانین کە ئامرازی (بۆ)، بە پێچەوانەوەی دوو ئامرازەکەی ترەوە، وەک (بە، لە) نییە، لەڕووی دەوریانەوە سەر بەئاستی ڕستە سازییە، چونکە زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات ئەم ئامرازە لە پێکهاتی وشەی داڕێژراوو لێکدراو بەشداری بکات، بەڵام هەرچی ئامرازی (لە، بە)ن بێجگە لە دەوری ڕستەسازییان، دەوری چالاکی وشەسازیش دەبینن لە داڕشتن و

پێکهاتنی وشەدا، وەک:

بە: بەجەرگ، بەسۆز، قوڕبەسەر، نابەجێ، سەربەسەر.

لە: نالەبار، چنگ لەسەر شان، شەولەبان، سەرلەئێوارە، سەرلەبەر.

هەرچی (بۆ)یە، تەنها گرێ دروست دەکات، وەک: نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب، بۆ سبەی شەو، بۆ فەقیرو هەژار.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵماندواە، لەڕووی پراکتیکی بەکارهێنانەوە، یاسای دەوری واتای ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، لە رستەدا بدۆزینەوەو، ئەوەش پیشان بدەین، کە ئەم ئامرازە، لەگەڵ چی کەرەسەیەکی زمانی کوردی، لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا دێت، دەوری واتاکەی روون دەکاتەوە، ئەو فرمانەی لەگەڵیدا، لە رستەکەدا دێت، چ جۆرە فرمانێکە لەڕووی کات و جۆرەوە؟ هەروەها ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ئەم ئامرازەدا هاتووە، رووغان کردۆتەوە، چ جۆر گۆڕانێکەو، سەر بەچ یاسایەی زمانناسییە، بۆ نموونە وەک جێگۆڕکێ پێکردنی، لە شوێنێکی رستەوە بۆ شوێنێکی تری رستە، ئایا لەو گۆڕان و جێگۆکێیەدا چی روودەدات، وەک ئەوەی ئامرازەکە، وەک خۆی کە ئامرازی پەیوەندییە دەمێنێتەوە، یا دەگۆڕێت بەکەرەسەیەکی تری زمانەکە، یا لە گۆڕیندا، بەئامرازی تری پەیوەندی لەناو هەمان رستەکەی خۆیدا، لێرەدا مەبەستی رستەکە دەگۆڕێت.

وا لە خوارەوە، ئەم دەورانەی ئامرازی (بۆ)یە نموونەوە، رووندەکەینەوە.

١- دەوری ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لە رستەدا ئەم دەورانە هەیە:

١- بۆ بەرەو (ئاست - اتجاه).

ئاپ: (بۆ) + ئاوەڵفرمان و ناوی شوێن و جێناوی پرسی شوێن + فرمانی تێنەپەڕی گوێزانەوە:

وەک: بۆ کەرکووک دەچم، بۆ سەرەوە رۆیشتم، بۆ شار هات.

بۆ کوێ دەڕوات؟ بۆ کام لا بردی؟ بۆ (بۆتە جێناوی پرس).

٢- بۆ (لەپێناو - لأجل): بۆ + ناوی کەس (گشتی و تایبەتی)، راناو، ئاوەڵفرمانی

رادەو رێزی و باڵا + فرمان، وەک:

بۆ خوا کردم، بۆ ئاڵا هێنام، بۆ پیاوەکە بردم - بۆ خۆیەتی.

١- بۆ + راناوی کەسی: بۆ ئێمەیە، بۆ ئەو رۆیشتم، بۆم کرد.

٢- بۆ + راناوی لکاو: بۆم هات، بۆی کرد، بۆم کڕی.

٣- بۆ + راناوی خۆی: فرمانی تێپەڕ، بۆ خۆی بردی، بۆ خۆتان چوون.

٤- بۆ + راناوی نیشانە: بۆ ئەمە هات، بۆ ئەوانە ناردی، بۆ ئەم بوو، بۆ ئەمانە دەبێ.

٥- بۆ + راناوی نادیار: بۆ فلان کردی، بۆ فیسارمە.

٦- بۆ + ئاوەڵفرمانی رادە: بۆ هیچ کەس نییە، بۆ تۆزێک بەراو ئێرەی جێهێشت.

٧- بۆ + ئاوەڵفرمانی ریزی: خەڵاتەکە بۆ یەکەمین کەسە.

٨- بۆ + ئاوەڵناوی پلەی باڵا: بۆ جوانترین کچ دانراوە.

٩- بۆ + راناوی پرسی کەس: بۆ کێ بوو؟، بۆ کام کەسە؟ بۆ کێ هات؟

١٠- بۆ + فرمانی تێپەڕ: کتێبی بۆی کڕی، بۆی برد، نانم بۆ کڕی، پارەی بۆ برد.

ئەگەر (بۆ)ی نموونەکانی یاسای دەیەم لەتەک فرمانەکەوە، جێگۆڕکێی بۆ سەرەتاو پێشەوەی بەرکارەکە بەپێی یاسای گوێزانەوە (Transformation) پێ کرا، لە ئامرازی پەیوەندییەوە دەگۆڕێت بۆ جێناوی پرس، بەم شێوەیە، هۆی ئەمە ئەوەیە، شێوەیان یەکە، ئەگەر جێناوە پرسەکەی (بۆ) بگەڕێنینەوە بنەڕەتەکەی کە (بۆچی)یە ئەم دیاردەیە هەڵدەوەشێتەوە.

نانم بۆ کڕی .... بۆ نانم کڕی؟............ بۆ کڕی؟ (بەهۆی) (لێ

دەرکردنەوە).

جارێکی تر بوو پرسیار. لە رستەکاندا شێوەی (بۆ)یەکان یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن:

نانت بۆ کڕی........ بۆ نانت کڕی؟.....

بۆچی نانت کڕی (بەهۆی) زیادکردن و هاویشتنە سەری (اضافه).

٣-(بۆ) نیازو مەبەست یاسایەکەی:

ئاب (بۆ) + ناوی کردەوەو چاوگ، ئیش و کار، ناوی بەرجەستەو واتایی..

- ئاپ (بۆ) + ناوی بەرجەستەو واتایی..

- ئاپ (بۆ) + ناوی کردەوە: بۆ ئیش وکار رۆیشتم، بۆ جووت دەچم.

- ئاپ (بۆ) + ناوی چاوگ: بۆ خەو دەچمەوە، بۆ پۆشاک کڕین رۆیی.

- ئاپ (بۆ) + ناوی چاوگ: زەردەشت بۆ خوێندن دەڕوات.

- ئاپ (بۆ) + ناوی بەرجەستە: ئالا بۆ ئاو دەچێت، ئاڤێستا بۆ دار دەچێ.

- ئاپ (بۆ) + ناوی واتایی: وێنەکەم بۆ جوانی کڕی، بۆ خۆشی هاتووە.

ئەڵێی بۆ فریشتە ئەیکات.

٤- (بۆ) دیاری کردنی کات:

١- لەگەڵ ناوو ئاوەڵفرانی کات و جۆرەکانی فرمانا، کاتی رووداني فرمان دیاری دەکات، نەک رووی دابێ لەماوەیەکی دوورا، ئەگەریش بگونجێ بۆ رابردوو، ماوەی روودانەکەی یا نزیکە، یا پەیوەندی بە کاتی رووداننێکی نزیک ترەوە هەیە، وەک:

- لەگەڵ ئاوەڵفرمانی کاتا: بۆ لەمەولا دێم بۆ لاتان، بۆ ئێستا دەست پێدەکات.

- لەگەڵ ناوی کاتا: بۆ ئێوارە دەڕۆم بۆ کەلی سمایل بەگی، بۆ سبەینێ هات، بۆ ئێوارە دێ.

٢- لەگەڵ ناوو ئاوەڵفرمانی کاتی رابردوودا، بەکارناهێنرێت و ناشێ بڵێین: بۆ دوێنێ چووم، بەڵام ئەگەر فرمانەکەی رابردووە دووربێ بەکاردەهێنرێت وەک: خەڵاتەکە بۆ ساڵێ رابردوو بوو.

٣- لەگەڵ جێناوی پرسی کاتا، کە بۆ دیاریکردنی کاتی رووداني فرمانەکەیەو دەبێتە جێناوی پرس و لە ئامرازی دەکەوێت: بۆ کەی هات؟ بۆ: ئاپ.

بۆ کەی دێت؟ دەبێتە جێناوی پرس.

٥- (بۆ) هۆ: لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی گوێزانەوەو رووداندا (مطاوعه)و ئەو فرمانانەی، کە لە دەنگە سروشتییەکان و، فرمانە بەتێپەڕ کراوەکانا، بەهۆی نیشانەی (اند)ەوە، دادەڕێژین، هەروەها لەگەڵ جێناوی پرسی هۆدا، بەڵام لە ئامرازی پەیوەندێتی دەکەوێت و، دەبێتە جێناوی پرس، نموونە:

- (بۆ) لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی گوێزانەوەدا: ئەو بۆ هات؟ بۆ کەوتن؟

- (بۆ) لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی رووداندا: بۆ سووتا؟ بۆ خنکا؟

- (بۆ) لەگەڵ فرمانی دەنگە سروشتییەکانا: بۆ قیڕاندی؟ بۆ زیڕاندی؟

- (بۆ) لەگەڵ فرمانە بەتێپەڕ کراوەکانا: بۆ سووتاندی؟ بۆ خنکاندی؟

- (بۆ) لەگەڵ جێناوی پرسی (چی)دا، بەڵام لە ئامرازی پەیوەندێتی دەکەوێت وەک: بۆچی لە کاروانی خەباتا دواکەوتی؟

ئەگەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، کەوتە سەرەتای رستەی فرمانی تێپەڕەوە، وەک لەکۆتایی یاساکانی (بۆ)ی ئامرازی پەیوەندی (لەپێناو)دا، خستەڕوو رستەکە کە بۆ مەبەستی پرس دەگۆڕێت. کەچی ئەم دیاردەیە، بەپێی یاسای جێگۆڕکێی رێبازی گوێزانەوە(٥)، لە رستەی فرمان تێنەپەڕا پێچەوانەی یەکترین، وەک:

رستەی فرمان تێپەڕ: کتێبی بۆکڕی (لەپێناو)....... بۆ کتێبی بۆ

(کڕی؟)(بۆ هۆ)؟

لە ڕستەی فرمانی تێنەپەڕا، ئەگەر ئامرازەکە، لە سەرەتای ڕستەکەوە هات، بەمەرجێک بەرکاری ناڕاستەوخۆی لەگەڵدا بێت، (لەپێناو) دەگەیەنێت و، لەم دۆخەیدا، بەشەکانی ڕستە لە (بکەر، بەرکار، فرمان) لەرستەدا دیارن، بەڵام ئەگەر بووە پرس تەنها بکەرو فرمان دیارەو پرسیار لەبەرکار دەکرێ وەک:

بۆ کوڕەکە هات، بۆ کۆڕەکە هاتین (بۆ: ئاپ) لە پێناو دەگەیەنێ) کوڕەکە بۆ هات؟ (بۆ: جێناوی پرس ل ئاپ).

ئەگەر پێکەوە پشان بدرێن، تەواو پێچەوانەی یەکترین بەم شێوەیە: ڕستەی فرمانی تێپەڕ/ ڕستەی فرمانی تێنەپەڕ: بەمەرجێک جێناوی پرسی (بۆ) لە ڕستەکەدا نەبێت وەک لەرستەی (بۆچی کتێبی بۆکڕی؟)، بڕوانە نموونەی ئەم دیاردەیە:

کتێبی بۆ کڕی؟ (بۆ – لەپێناو)/ کوڕەکە بۆ هات؟ (بۆ ــــ)پرسی هۆ)

بۆ کتێبی کڕی؟ (بۆ – پرسی هۆ)/ بۆ کوڕەکە هات. (بۆ ــــ لە پێناو)

دیاردەیەکی تری ڕستەی فرمانی تێپەڕ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ)دا، ئەوەیە، ئەگەر بە هۆی دەربڕینەوە ئاوازی (Intonation) ڕستەکە، هێز خرایە سەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، ئەوا ڕستەکە، دەگۆڕێت بۆ پرسی هۆ، ئەگەریش ئاوازی ڕستە وەک یەک دەربڕا، ئەوا (بۆ) وەک خۆی بە ئامرازی پەیوەندی دەمێنێتەوەو (لەپێناو) دەگەیەنێ، بەپێی یاسای بەکارهێنانی. وەک:

کتێبی بۆ کڕی؟ (بۆ – پرسی هۆیە) – نیشانەی بەکارهێنانی ستریس و ئاوازە.

کتێبی بۆ کڕی. (بۆ – ئاپ – لەپێناو).

٦- ئاپ (بۆ) گومان:

ئەگەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، بەپێی یاسایەک لەگەڵ فرمانی (ئیلزامی)چاوگی (بوون) و (هەبوون)، بۆ کاتی ڕانەبردوو ڕابردوو، بەکارهات (گومان) دەبەخشێ.

وەک: بۆ+تەواوکەری ناڕاستەوخۆ + فرمانی چاووگی (بوون،هەبوون):

بۆ کوڕەکەی بێ ببێ). بۆ کوڕەکەی هەبێ باشە، بۆ کوڕەکەی بوایە. بۆ کوڕەکەی هەبوایە باش بوو.

٧- ئاپ (بۆ) دوعاو نوزا دەگەیەنێت، وەک:

- بۆ خاتری خوا وازی لێ بهێنە.
- بۆ خاتری کاکە حمەدی شێخ لێرە بڕۆ.

٨- بۆ: بۆ (لەگەڵ بوون) – المصاحبە: ئاوەڵناو + ئاپ (بۆ) + ناو

وەک: بەحیلمە بۆ ئەدەب و زانست. خراپە بۆ کوڕەکەی.

٩- بۆ: بۆ ماوەی (مسافە) کات و شوێن: ناوی کات + ئاپ + ناوی کات.

ماوەی کات: لە ئێوارەوە بۆ بەیانی کاردەکەم.

ماوەی شوێن + ئاپ + ناوی شوێن: ماوەی شوێن: لە هەولێرەوە بۆ مەهاباد چووم.

١٠- بۆ: بۆ هەیی (تملک (POSSESSIVE).

ئاپ (بۆ) + ناو، ڕاناو (کەسی و خۆیی)

ئەمە بۆمن، ئەوەش بۆ ئاڤێستا.

بۆ پیاوی عاقڵ ئیشارەتێک بەسە.

١١- بۆ: وەکو ئامرازی گەیەنەر (بۆ شوێن و بەرەو) لە شێوەی گرێدا:

ئاپ (بۆ) + گرێی ئاوەڵفرمانی شوێن:

بۆ هەر لایەک بێت ئەویش دەڕوات.

بۆ هەر کوێیەک بڕوات ڕێزی لێدەگرن.

١٢- بۆ: وەکو ئامرازی گەیەنەر بەشێوەی گرێ (بۆ هەڵبژاردن)

ئاپ (بۆ) + ئامرازی گەیەنەر (هەڵبژاردن): بۆ هەر کامیان بێت دەیخوازم.

١٣- بۆ (بۆ دیاری کردنی شوێنی ڕوودان): ئاپ (بۆ) + ئاوەڵفرمان + پاشکۆ ئاپ.

بۆ خوارەوە، بۆ سەرەوە، بۆ لاوە.

گۆڕان و جێگۆڕکێ کردنی ئامرازی پەیوەندی بۆ:

ئامرازی پەیوەندی (بۆ) ئەگەر بکەوێتە دوای فرمانی گوێزانەوەوە، ڕواڵەتی دەگۆڕێ و دەبێتە ئامرازی/ە/یا /تە/ و لەگەڵێدا جێگیر دەکرێ:

زەردەشت چوو بۆ بازاڕ..... زەردەشت چووە بازاڕ.

بۆ .... (ئەمە جێگری ئامرازی پەیوەندی (بۆ)یە(٦)

ئاڵا هاتووە بۆ ئێرە......... ئاڵا هاتۆتە ئێرە. بۆ ـــ تە.

دیاردەیەکی تری بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، لەگەڵ فرمانی تێپەڕا هەیە، ئەگەر بەرکارەکە لە ڕستەدا بەڕاناوی لکاو جێگیرکرا ئەوا (بۆ) دەکەوێتە تەک فرمانەکەوە، وەک: گوڵتان بۆ دەنێرم....... بۆتان دەنێرم.... بۆ دەنێرم.

کوڕەکەم بۆ هێنا..... بۆم هێنا....... بۆ هێنا.

بەلادانی بەرکارو جێگیرکردن بەراناوی لکاوو پاشان لادانی(٧) جێگرەکەشی، کە ڕاناوی لکاوە، یەکسەر دەکەوێتە تەک فرمانەوە، هەمان دیاردەی سەرەوە ئەگەر فرمانەکەی تێنەپەڕبوو- لەمە پێشەوە، ئەمەمان بەشێوەیەکی تر خستۆتەڕوو - دەبێتە ڕستەی پرسیاری، بەم جۆرە:

ئێمە بۆی بچین ـــ بۆی بچین ـــ بۆ بچین؟ هەمان دیاردەیە لەگەڵ فرمانی تێپەڕی داخوازییا (فەرمان - أمر) دەگەیەنێ، وەک: بۆم هێنا ـــ بۆ بهێنە.

گۆڕینی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) بە ئامرازی تر:

لە ڕستەدا دەتوانرێ، بەپێی یاسای گۆڕینی کەرەسەیەک، بەکەرەسەیەکی تر، کە بەشێکە لە سیستەمەکانی ڕێزمان(٨) دەتوانرێ ئامرازی (بۆ)ی پەیوەندی بگۆڕین بەئامرازێکی تری پەیوەندی، کە تەنها لەو گۆڕانەدا مەبەستی بەکارهێنانی ئامرازەکە، بێ تێچوونی واتا گشتییەکەی دەگۆڕێ و دەورێکی تری دەداتێ، وەک گۆڕینی (بۆ - تا)،(بۆ - بە)، نموونە:

بۆ سەر لوتکەی خاڵخاڵانا دەچم (بۆ - بەرەو) تا سەر لوتکەی خاڵخاڵان دەچم، (تا کۆتایی شوێنی ڕوودان) بەگۆڕینی (بۆ) کە (ئاست -اتجاه) دەگەیەنێ بۆ ئامرازی (تا) کۆتایی شوێنی ڕوودان دەبەخشێت.

بەسەر لوتکەی خاڵخاڵان دەچم، گۆڕینی (بۆ ـــ بە)و ڕاگەیاندنی سەرەتای ڕوودان و وەرگرتنی پاشکۆی (ا)ی کورتکراوەی (دا) نیشانەی ئاوەڵفرمانی شوێنە. کەچی لەم گۆڕینەدا لەگەڵ ئامرازی (لە)ی پەیوەندیدا ناگونجێ و واتای ڕستەکە ناوێزە دەرەچێ و، بەریاساکەی چومسکی ناکەوی، کەچی (تا) شوێنی (بۆ) لە نێوان دوو ناوی شوێنا بەکاردەهێنرێ وەک:

لەکەرکووکەوە بۆ بەغدا چووم (بەرەو - اتجاه) ـــ لە کەکووکەوە تا بەغدا چووم (بۆ کۆتایی شوێن).

ئامرازی پەیوەندی (بۆ)و وەرگرتنی پاشکۆ

ئامرازی (بۆ) تەنها لەگەڵ ئاوەڵفرمانی شوێنیدا پاشکۆی (ەوە) وەردەگرێ و لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا لە ئاوەڵفرمانی کاتی و بەرکارو تەواوکەری ناڕاستەوخۆدا نایەت(٩).

بۆ خوار(ەوە) دەڕۆم. پاشکۆی (ەوە) وەردەگرێ چونکە ئاوەڵفرمانی شوێنییە.

بۆ ئێواره دەڕۆم. پاشكۆی نییه چونكه ئاوەڵفرمانی كاته.

بۆ ناڕوجه ڕۆیشت. پاشكۆی نییه چونكه تەواوكەری ناڕاستەوخۆیه.

ئەم (بۆ)یەی سەرەوه كه لەگەڵ پاشكۆی (ەوه)دا بەركارهاتووه. دەتوانرێ چ بێ گۆڕانی رستەكه - واته بێ دەستكاری كردنی - لەگەڵ (له)ی ئامرازی پەیوەندیدا دەورەكەی خۆی بگۆڕێتەوه بۆ مەبەستی (داخ خواردنەوه): كەچی، له شوێنی ترا لەگەڵ (له)دا بەكارنایەت وەك:

- بۆ كەركووك ڕۆیشت. (بەرەو)

لەكەركووك ڕۆیشت. (بۆ داخ خواردن) وەك بڵێی: له ئێمه چوو ـــ له دەست ئێمه چوو.

+ بۆ سلێمانی چوو.

له سلێمانی چوو. (واته له دەستی خەڵكی سلێمانی چوو.

تایبەتییەكانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ): ئەمانەن

١- بەمەبەستی جۆر بەجۆر له رستەدا و بەپێی شوێنەكەی بەكاردێت، بۆ كات و ئاست (بەرەوو هۆو نیازو ماوەو له پێناوو لەگەڵ بوون و گومان... بەكاردەهێنرێت.

٢- تەنها لەگەڵ ئاوەڵفرمانی شوێنی یا پاشكۆی (ەوه) وەردەگرێت.

٣- دەبێته جێناوی پرسی هۆ، له دوو دۆخ و شوێندا، ئەگەر بكەوێته نێوان بكەرو فرمانی تێنەپەڕەوه، له ئامرازی پەیوەندی دەكەوێت، وەك (كوڕەكه بۆ هات؟) بەپێچەوانەشەوه ئەگەر كەوته سەرەتاو پێشی بەركاری هەمان جۆری فرمانەوه، دەبێته ئامرازی پەیوەندی و (له پێناو) وەك: (بۆ كوڕەكه هات).

دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەریش فرمانی رستەكه تێپەڕ بێت، له سەرەتای رستەوه ئامرازی (بۆ) دەبێته جێناوی پرس، لەرواڵەت و واتاداو ئەگەر لەنێوان بەركاری راستەوخۆو فرمانەكەوه بێت، دەبێتەوه ئامرازی پەیوەندی و لەجێناوی

پرس دەكەوێت و له (پێناو) دەگەیەنێ.

٤- ئەگەر بەرستەی فرمانی تێپەڕا، لەڕووی دەربڕینی ئاوازی رستەكەوه، هێز خرایه سەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، رستەكه دەبێته پرس و، لەبوونه ئامرازی پەیوەندی دەكەوێت، ئەگەریش ئاوازی دەربڕینی رستەكه یەكسان بوو وەك خۆی (بۆ) به ئامرازی پەیوەندی دەمێنێتەوه.

٥- (بۆ) بەپێی رێباز و رێزمانی گوێزانەوه (Transformation) بەتایبەتی یاسای جێگۆڕكێ كردنی لەگەڵ ئامرازی تری پەیوەندییاو بەپێی پەیوەندی ستوونی (Pragmaticrelation) دەتوانرێ بەكەرەسەیەكی تری سەر بەهەمان رەگەز (١٠)، كه ئامرازی پەیوەندی (به، تا)یەو، بێ ئەوەی كار له تێكچوونی شیرازەی پێكهاتن و واتاكەی بكات و تەنها مەبەست دەگۆڕێت، كەلەمەو پێشەوه بەنموونەوه خستمانەڕوو.

پەراوێز:

١- رفیق محمد محێدین، ئامرازی بەستنەوه له زمانی كوردیدا، نامەی دوكتۆرا زانكۆی بەغدا ١٩٩٧، ل٥٣.

٢- نوم چۆمسكی، البنی النحویه، ت: یوئێل یوسف عزیز، بغداد، ١٩٨٧، ص١٥٤.

٣- محمد رەزای باتینی ئاوڕێكی تازه بۆ سەر رێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، سوێد، بنكەی ئازاد، ١٩٩٣، ل١١٤.

٤- د. وریا عومەر ئەمین، بنج و سیماو یاساكانی گوێزانەوه، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژماره (١٢١)، بەغدا ١٩٨٩، ل٧٢- ٧٥.

٥- نوم چۆمسكی، هەمان سەرچاوه، ل١٥.

٦- هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕه، هەروەها نوری عەلی رێزمانی كوردی، سلێمانی ١٩٦٠، ل٢٠٣.

٧- محمد رەزای باتینی، هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

٨- هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

٩- ئاوەڵفرمان پاشکۆ وەردەگرێ، بەڵام بەرکارو تەواوکەری ناڕاستەوخۆ وەری ناگرێت، بڕوانە: محمود فتح الله، کار تەواوکردن لە کوردیدا، ١٩٨٨، ل١٢٢ .

١٠- سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل٧٩-٨٠ .

سەرچاوە:

١- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦ .

٢- رفیق محمد محێدین، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دوکتۆرا زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧ .

٣- ساڵح حوسێن پشدەری، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا ١٩٨٥ .

٤- محمد رەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، سوێد، ١٩٩٣ .

٥- محمود فتح الله، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨ .

٦- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠ .

٧- نوم چۆمسکی، البنى النحویە، ت: یوئێل یوسف عزیز، بغداد ١٩٨٧ .

٨- وریا عومەر ئەمین، بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢١)، ل٧٢-٧٥ .